# تیپی شانۆی ئارارات لە سوید
## بەرهەمێکی کەم ، بەڵام داهێنانی مەزن..!!

ئامادەکردن و سازدانی مێزگرد
قەمەرەدین تاهیر

کەڕەم هێرانی :

*ئەو شانۆگەرییە دادەنێم بە بەرهەمی یەکەمم ، چونکە بەڕاستی کاک فازڵ جاف یەکەمین دەرهێنەر بووە بە شێوەیەکی زانستی و هونەری کارم لەگەڵدا بکات. هەنوکە وای دادەنێم بەم بەرهەمە بوومەتە ئەکتەر.

* ئەمن دەڵێم بە شێوەیەکی زۆر جوان و زانستی و شێوازێکی ڕێک و پێک فێرکرام و پرۆڤەم پێکرا لەلایەن کاک فازڵ جافەوە. بۆیە هەست دەکەم کە کارتێکردنێکی زۆر زۆرم پێیەوە دیارە.

عادل عەبدوڵڵا :

*ئەو کارانەی کە کاک فازڵ وەکو ئەکتەر لەگەڵ ئێمەدا ئەنجامی ئەدات، شێوازێکە بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەکی شانۆیی لە نێو شانۆی کوردیماندا.

* بێگومانم شانۆی کوردی ئەمڕۆمان پێویستییەکی زۆری بە هونەرمەندانی وەک دکتۆر فازڵ جاف هەیە ، کە تەکانێک بەو قەیرانەی شانۆی کوردی لە کوردستاندا بدات و لە مردن ڕزگاری بکات.

شادە عومەر :

* هەڵبەتە من لەم شانۆگەرییەدا یاریدەدەری دەرهێنەر بووم کارە هونەرییەکان کاریگەرییەکی زۆر زۆری هەبوو بۆم ، پێموایە زیرەکییەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاک فازڵ.

مەریوان کەمال :

* دروست کردنی تیپی شانۆی نەتەوەیی پەیوەندییەکی زۆر زۆر گەورەی هەیە بە جیا کردنەوەی دامودەزگا مەدەنییەکان لە دامودەزگا سیاسییەکان.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ دا دەستەیەک هونەرمەندی کورد یەکیانگرتەوە بۆ ئەوەی تیپێکی هونەری کوردی دامەزرێنرێت لە سوید ، ئەم هونەرمەندانە نزیکەی چەند ساڵێک لە مشت و مڕی ئەوە دابوون بە چ شێوەیەک ئەم تیپە دروست بکرێت ، لەئەنجامدا لە نیوەڕاستی ساڵی ١٩٨٥ دا لە شاری ستۆکهۆلم کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوید دامەزرێندرا و نزیکەی ماوەی دوو ساڵ لە چالاکی هونەری بەردەوام بوون ، چالاکیە هونەرییەکان بریتی بوون لە ئاهەنگ ساز کردنی هونەرمەندان و کۆکردنەوەیان لە دەوری یەکتری وەهەروەها کۆڕی هونەری دەربارەی شانۆ و لە چاپدانی چەندان کتێبی ئەدەبی و هونەری و شانۆنامەی وەرگێردراوی جیهانی لە زمانە زیندووەکانی وەک : ‹ سویدی ، فەرەنسی › سەرەڕای ئەوەش بۆ یەکەمینجار لە مێژووی شانۆی کوردی گۆڤاری ‹ شانۆ › بە زمانی کوردی لە ستۆکهۆلم چاپ و بڵاویکاتەوە . هەوڵدەدەین لە درێژەی باسەکەماندا ئاماژە بە هەموو ژمارەکانی گۆڤاری ‹ شانۆ › بدەین . ئەو هەموو چالاکیە هونەریانە بووە هەوێنی دامەزراندنی تیپی شانۆی کوردی ئارارات لە سوید ، کە بەراستی بیرۆکەی دامەزراندنی تیپی ئارارات دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و کار کردنی بێوچانی دکتۆر فازڵ جاف ، هەر بەڕێزیشیان دڵسۆزانە تیپی شانۆی ئاراراتی وەک سیمبۆلێک بۆ شانۆکارانی کورد لە سوید هێشتۆتەوە . پێشموایە تاکە تیپی شانۆی کوردی بووە لە سوید کە بەبێ وچان کاری بۆ دامەزراندنی شانۆیەک کرد کە هەنوکە بۆتە خاوەن ناسنامەی شانۆی کوردی لە هەندەران . لەو باوەڕەشدام کە ببێتە بنەمایێکی گرنگ و بەرچاو ئەگەر لە داهاتوودا هەوڵبدرێت تیپی شانۆی نەتەوەیی لە کوردستان دروست ببێت ، پێموایە تیپی شانۆی ئارارات ئەوە دەهێنێت ببێتە سەرچاوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لە بواری شانۆدا . تیپی شانۆی ئارارات لە ساڵی ١٩٨٧ دا ، لەگەڵ یەکەم بەرهەمی شانۆیی بەنێوی شانۆنامەی ‹ گێژەن › بوونی خۆی ڕاگەیاند ، لەو کاتەوە ناوە ناوە

بەرهەمێکی هونەری بە شێوەیەکی زۆر پرۆفیشنێل دەخاتە سەر تەختەی شانۆ . راستە لەم ماوە دوور و درێژەدا تیپی شانۆی ئارارات لە سوید بەگوێرەی تەمەنی بەرهەمی کەم بووە ، بەڵام دەتوانین بڵێین داهێنانی مەزنی هەبووە .

**بەرهەمەکانی تیپی شانۆی ئارارات لە سوید ئەمانەن :**

١– شانۆنامەی ‹ **گێژەن** › نووسینی سلاڤۆمیر مرۆژیک ، ئامادەکردن و دەرهێنانی فازڵ جاف . لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٧ دا لە شاری ستۆکهۆلم و ئۆپسالا نمایش کرا .

٢– شانۆنامەی ‹ **کەرمێش و گورگ** › ئامادەکردن و دەرهێنانی فازڵ جاف ، ئەم شانۆنامەیە لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٨ دا لە ستۆکهۆلم چەند شارێکی دیکەی سوید نمایش کرا و نزیکەی ‹ ١٥٠٠ › بینەری لە سوید هەبوو. دواتر لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆمار کراو بڵاوکرایەوە .

٣– شانۆنامەی ‹ **پەرتبوونەوە** › نووسینی سلاڤۆمیر مرۆژیک ، وەرگێڕان و ئامادەکردن و دەرهێنانی فازڵ جاف . ئەم شانۆنامەیە لە مانگی دێسێمبەری ساڵی ١٩٨٩ دا لە شاری ستۆکهۆلم نمایش کرا و دواتریش لە سەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆمار کراو بڵاوکرایەوە .

٤– شانۆنامەی ‹ **تریخ و شووشە** › نووسینی فازڵ جاف ، دەرهێنانی کوردۆ کەلالی ، شانۆنامەیەکی منداڵان بوو ، لە ساڵی ١٩٩٠ دا لە شاری ستۆکهۆلم نمایش کرا .

٥– شانۆنامەی ‹ **حوو پێغەمبەر** › نووسینی سلاڤۆمیر مرۆژیک ، وەرگێڕان و ئامادەکردن و دەرهێنانی فازڵ جاف ، ئەم شانۆنامەیە لە ساڵی ١٩٩٤ دا لە شاری ستۆکهۆلم و یۆتێبۆری نمایش کرا ، تەنیا بۆ ئەرشیفی تیپ لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆمار کراوە .

٦– شانۆنامەی ‹ **ئاو و دەم** › نووسینی و دەرهێنانی فازڵ جاف ، مۆسیقا و ئاوازی گۆرانیەکانی ئەنوەر قەرەداغی ، لە ساڵی ٢٠٠٠ دا لە شاری ستۆکهۆلم و یۆتێبۆری نمایش کرا . تۆمار کراو دواتر کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کوردستان ، بەرهەمەکەی کڕی و پێشموایە یەکەمین بەرهەمی هونەرییە لە ئەوروپاوە کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کوردی بیکڕێتەوە .

٧– شانۆنامەی ‹ **مەرگ و کچ** › نووسینی ئاریێل دۆرفمان ، وەرگێڕان و دەرهێنانی فازڵ جاف . ئەم شانۆنامەیە لە کۆتایی مانگی کولانی ساڵی ٢٠٠٤ دا لە شاری ستۆکهۆلم بۆ ماوەی سێ رۆژ نمایش کرا ، بڕیاروایە لە چەند شارێکی دیکەی سوید نمایش بکرێتەوە .

**گۆڤاری شانۆ** یەکەمین گۆڤاری شانۆیە کە تایبەت بێت بە هونەری شانۆ. ئەم گۆڤارە لە نێوان ساڵانی ‹ ١٩٨٦ – ١٩٩١ › دا ، ‹ ٥ › ژمارەی لێدەرچووە . گۆڤاری شانۆ لە ژمارە یەکەوە تاوەکو ژمارە چوار لەسەر بەرگی پێشەوەی نووسراوە : ‹ گۆڤارێکە تایبەتە بە ئەدەبی درامای بێگانە ›. بەڵام لە ژمارە ‹٥› دا کراوە بە گۆڤارێکی شانۆ بە گشتی و لە دوا ژمارەیدا کە ژمارە ‹٥› لە ووتەی ژمارە دا هاتوو: ‹ بەڵام ئێمە وامان بە باش زانی کە گۆڤاری شانۆ ببێ بە گۆڤارێکی شانۆیی گشتی لە بری گۆڤارێکی تایبەت بە درامای بێگانە... › . بێگومان لەبەر نەبوونی دارایی و گەلێک هۆکاری دیکە ژیانی بە کۆتا هاتووە .

دوا بەرهەمی تیپی شانۆی ئارارات ‹ مەرگ و کچ › بوو . هەروەک لە پێشدا ئاماژەمان پێداوە ئەم شانۆنامەیە لە نووسینی نووسەری شیلی ئاریێل دۆرفمان و وەرگێران و دەرهێنانی فازڵ جافە . هەر کەسێک تەنیا یەک بەرهەمی تیپی شانۆی ئاراراتی بینی بێت ئەوا یەکسەر وەستاکەی دەناسێتەوە و دەزانێت چ هونەرمەندێکی شانۆکاری پرۆفیشنێل لە دوایی ئەم کارە هونەرییە بەرزە وەستاوە . کارە هونەرییەکانی فازڵ جاف وەک زۆر وایە لە دوورەوە بەبێ ناوهێنانی خاوەنەکەی دەناسرێنەوە . ئەگەر هەر چەند شێواز و میتۆدی بینای درامی شانۆنامەکەشی گۆڕی بێت هەر دەزانرێت کە ئەمە کاری وەستایێکی کارامەی شانۆکارە کە هەموو ژیانی لە پێناو شانۆیێکی رەسەن دا خەلات کردووە . شانۆنامەی ‹ مەرگ و کچ › شانۆنامەیەکی سیاسی – سایکۆلۆژی بوو ، بەڵام ئەوەندە جوانکاری و فەنتازی هونەری بەرزی تێدا بەرجەستە کرابوو ، ئەدەکرا وەستا کارامەکەی نەناسێتەوە ، هەر زوو بێی دەووتێت بەڵێ فازڵ جافە ئەم شانۆنامەیی بۆ سەر تەختەی شانۆ دەرهێناوە . بەرزی هونەری شانۆنامەکانی دکتۆر فازڵ جاف لەوە دا دیارن کاتی نمایشەکە تەواو دەبێت ، هەردەم بەرهەمەکانی ئەو زاتە وابووە بە قووڵی بیر بکەیتەوە .

ئەمن ئەگەر بمەوێت باس لە ناوەرۆکی ئەم شانۆنامەیە بکەم ، هەر چۆنی باس بکەم ناتوانم وەک وتەی تیپ کە ‹ تیپی شانۆی ئارارات › نووسیویانە ، بنووسم بچونکە هەر چۆنی بنووسم لەوان باشتر نانووسم ، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم وتەی تیپی ئارارات بە بێ زیاد و کەم وەک خۆی لێرە دا بنووسمەوە بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەرێز لە ناوەرۆکی ئەم شانۆنامەیەدا ئاگاداربن کە ئەمە دەقەکەیەتی : (شانۆنامەی مەرگ و کچ لەو جۆرە شانۆنامانەیە کە بە

شانۆی سیاسی– سایکۆلۆژی نێوزەد دەکرێ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا شێوازێکی نوێیە کە تیپی شانۆی ئارارات پاش بەرهەمەکانی مرۆژێک ئاقیی دەکاتەوە. پاش ئەوەی ئەم شانۆنامەیە لەسەر گەلێ لە شانۆکانی ئەورووپادا پێشکەش کراوە و برەوی هێناوە. ئەم شێوازە نوێیە ، لایەنەکانی تێکست و نواندن و ستروکتوور و داڕشتنی هونەری دەگرێتەوە . جا ئەم بەرهەمەی ئێمە چەند سەرکەوتووە ئەوە تەنیا ئێوەن بڕیاری لەسەر دەدەن. مرۆڤ دەبێ چۆن ڕەفتار بکات و چۆن هەڵسوکەوت ومامەڵە لەگەڵ واقیعی نوێی پاش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆر بکا ؟

ئەمە پرسیاری سەرەکیی ئەم بەرهەمەیە.

شانۆنامەی ‹ مەرگ و کچ › ی ئاریێل دۆرفمانی شیلیایی ، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگای شیلییە پاش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆر ، بەڵام نووسەر سەرکەوتووانە وێنەیەکی هونەریی ئەوتۆ دەکێشێ کە بۆ هەموو شوێن و سەردەمێک بگونجێ کاتێ کە دیکتاتۆرییەت تێیدا سەقامگیر دەبێ) .

شانۆنامەی ‹ مەرگ و کچ › پەیامێکی راستەقینەیە و لە شێوەی پرسیارێکی گەورە ئاراستەی هەر هەموو ئەو کەسانە دەکرێت ، کە بەدوای حەقیقەتێک دا وێڵن کە ڕژێمە دیکتاتۆرەکان تەفر و توونایان کردووە .

لە شانۆنامەی ‹ مەرگ و کچ › دا بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هونەری شانۆی کوردی دا فازڵ جاف دێت زۆر بە بوێری و بە جورئەتەوە لە ڕێگای ڕۆڵی پاولینا سالاس کە ژنە ئەکتەری کورد ‹ تەلار هیرانی › ئەم ڕۆڵە دەبینێ . بە بەیڤە حەرامەکان سنوورەکان دەبەزێنێ کە هەتا هەنوکە پێموایە لە نێو شانۆی ڕۆژهەڵاتدا ڕوویندداوە ، لەم ڕوومشەوە شانۆی کوردی لە ڕێگای تیپی شانۆی ئاراراتەوە لە سوید ئەم دەست پێشخەرییەی کرد و ووشە حەرام و بڤەکانی بەزاند.

شانۆنامەی ‹ مەرگ و کچ › لە ڕۆژانی نمایش کردنیدا لەلایەن کاک فازڵ جاف پێشکەش کرا بەم ئافرەتە کوردە تێکۆشەرانەی لە زیندانە تاریکەکانی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا دەستدرێژی جنسی پێدەکرێ و ژیانی زەوت دەکرێت .

ئەمن پێموایە ئەم شانۆنامەیە دەکرێت پێشکەش بەو مرۆڤانەش بکرێت کە لە پێناوی دۆزینەوەی حەقیقەتدا لە تێکۆشان بەردەوامن .

بەشداربووانی شانۆنامەی ‹ مەرگ و کچ › بریتی بوو لەمانە :

**ئەکتەرەکان :**

---

| | |
|---|---|
| **تەلار هیرانی** | **پاولینا سالاس** |
| **مەریوان کەمال** | **گێراردۆ ئێسکۆبار** |
| **عادل عەبدوڵا** | **ڕۆبێرتۆ میراندا** |

**کارە هونەرییەکان :**

---

**یاریدەدەری دەرهێنەر : شادە عومەر**
**سینۆگرافیا و جلوبەرگ : ئەندامانی تیپ**
**ڕووناکی : خەرمان جاف**
**جێبەجێ کردنی دەنگ : شادە عومەر**
**وێنەکان : ئاریا ئوسیتالو**

**نووسەر . ئاریێل دۆرفمان**
**وەرگێڕ و دەرهێنەر : فازڵ جاف**

**شوێنی نمایش : شانۆی شۆرتیاتر لە تێنستا سێنتروم لە شاری ستۆکهۆلم. ڕۆژانی ٢٩ ، ٢٠ ، ٢١ ی مانگی گوڵانی ٢٠٠٤؟ نمایش کرا.**

ئەوەی شیاوی باسە دوای تەواو بوونی نمایشی ئەم شانۆنامەیە بە چەند ڕۆژێک بڕیارماندا بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر جۆنیەتی بەرێوەچوون و نمایش کردنی ئەم شانۆنامەیە کە گەلێک پرسیاری لەلا دروست کردبووم دابنیشین و دوای گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل ئەم مێزگردەی لێ کەوتەوە ، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم خوێنەرانی قەدرگرانی سایتی ئینتەرنێتیش لێی بێبەش نەبن .

*** تیپی شانۆی ئارارات لە سوید ، هەروەها دەزانین ئەزموونێکی دوور و درێژی هەیە ، لەو ماوە دوور و درێژەی خۆیدا هەر چەندە بەرهەمی کەم بووە بەڵام دەتوانین بڵێین داهێنانی مەزنی هەبووە. ئێوەش وەک ئەکتەرێک ماوەیەکە لە ئارارات و لەگەڵ کاک فازڵ جاف لە بواری شانۆدا کار دەکەن ، دەکرێت بزانین جیاوازییانە چیبوون کە لە دوابەرهەمەتاندا ، ئەگەر بە بەراوردکردنێکی خێرا لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشووترتان لەگەڵ ئەم تیپەدا باسیان لێوە بکەن ..؟**

**مەریوان :** لە راستی دا جیاوازییەکان زۆرن ، ئەتوانین لە چەند خاڵێکدا کۆیان کەینەوە ، ئەگەر لە خاڵەکانی سەرەتاوە دەست پێ بکەم ، بۆ نموونە شێوەی پرۆڤەکردنم لەم جارەماندا جیاواز بوو ، لەگەڵ پرۆڤەکردنمان لەگەڵ جارەکانی تردا . چونکە ئەم جارەیان پرۆڤە کردنەکانمان تەنها لەسەر شێوەی بیومیکانیک نەبوو ، بە قەدەر ئەوەندەی بە هێلی تەریب کاری بیومیکانیک و کاری سایکۆلۆژی لە شێوە پرۆڤەکاندا رەنگی دابۆوە . ئەگەر باس لە خاڵی دووەم بکەم کە تایبەتە بە تێکستی شانۆنامەکەی ئەم جارەمان ، تێکستەکە پێموایە جیاوازییەکی زۆری هەبوو ، لەبەر ئەوەی ئەمجارە تێکستەکەمان زیاتر هەوڵی دابوو ، بڵێین بابەتی کۆمەڵایەتی لە ناو تێکستەکە هەبوو ، چارەسەر کردن و باس کردن لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ، ئەو کارانەی پێشوو کردوومانە رێک پێچەوانەی دوا بەرهەممان بوو ، چ وەک کاری نواندن و چ وەک کاری دەرهێنان.

*** بەڵام لە بیرتان نەچێت ، شانۆگەرییەکە شانۆگەرییەکی سیاسی- سایکۆلۆژی بوو. زیدەتی باسی حاڵەتێکی دەکرد کە لە کۆمەڵگەیەکی دیکتاتۆردا روویدایە. بەتایبەتیش رۆڵی ئافرەتەکە کە لە شانۆنامەکەدا هی تۆ بوو. لە وەڵامی پێشتردا باسی میتودەکانی شانۆتان کرد ، هەروەها دەزانین لە رێبازی ستانیسلافسکی دا هاتووە کە کاتێ شانۆگەرییەک نمایش دەکرێت ، کە ئەوانەی دەچن شانۆنامەیەک ببینن ، ستانیسلافسکی لەو باوەڕەدایە کە دەبێ بینەرانی شانۆگەرییەکان بە هەست و نەستەوە تێکەڵ بە جیهانی شانۆگەرییەکە بن و هەموو ئەندێشەیان تێکەڵاوی نێو رووداوی شانۆگەرییەکە بێت ، کەچی لە رێبازی برێخت دا رێک ئەم بیرە و بۆ چوونانە جیاوازە . بەڵام ئەگەر سەیر بکەین لە بەرهەمەکانی فازڵ جافدا چ ئەوانەی پێشووی چ لە دوا بەرهەمتاندا ، بینەرانی ئەم شانۆگەرییانەی راکێش دەکرد بۆ نێو رووداوی شانۆگەرییەکە و لەگەڵیدا دەژیان. فازڵ جاف لەم شانۆگەرییە دا چ جۆرە میتود و رێبازێکی شانۆیی جیهانی لەم شانۆنامەیەدا بەرجەستە کردبوو...؟**

**مەریوان :** من وەک پێشتریش ئامازەم پێدا ، ئەوە دوو شێوە میتودە با بڵێین هەم رێبازی ستانیسلافسکی و هەم رێبازی مییرخولد تێکەڵاو کرا بوون. راستە بینەران زۆربەیان وایان لێهات دەهاتنە نێو شانۆگەرییەکە وەهەتا کە نمایشەکە تەواو دەبوو ،زۆربەیان دەهاتن پێیان ئەووتین هەستمان نەکردووە نمایشەکە تەواو بووە، هەستمان نەکرد خۆمان لەگەڵ شانۆگەرییەکە دابووین. بەڵام تێکەڵاو کردنی ئەو دوو میتودە خۆی لە خۆیدا کارێکی زۆر قورس بوو ، چ وەکو کاری دەرهێنان چ وەکو کاری نواندن چ بۆ کاک فازڵ و چ بۆ ئێمەش بە راستی زۆر زۆر هەوڵماندا بەم شێوەیە بەرجەستە بکەین. کە کاک فازڵ ئەیەوێ ، جا ئەوەشیان ئەکەوێتە سەر کاک فازڵ خۆی و بینەر چۆن بڕیار ئەدەن. ئایا چەند سەرکەوتوو بووین تیایە یان نا....؟ ئەوەی لەم شانۆگەرییە بەدی کرا ، ئەوە بوو کە ووتمان ئەو دوو

ڕێبازە تێکەڵ بوو، تۆ ئەبێ لەو دوو ڕێبازە هەم وا لە بینەر بکەی کە بە شێوەیەک ئەگەر لە سەر ڕێبازەکەی ستانیسلافسکی بێ وای لێ بکەی خۆی لە بیر بچێتەوە و بێتە ناو شانۆگەریەکە ، کە لەسەر ڕێبازەکەی میبیر خوڵدیش بێ وای لێ بکەی بمێنێتەوە لەسەر شوێنەکەی خۆی کە تێبگات کە بابەتەکان لە خەیاڵی خۆیدا ڕوون بکاتەوە ، بزانێ ئەگاتە چ خاڵێک ، ئەگاتە چ لێکدانەوەیەک ، ئەگاتە چ ئامانجێک لەو بابەتانەی کە بینراوە.

*** پێتوایە ئەم ڕێبازە شانۆیانەی کە لە شانۆی جیهانیدا باون ، بێجگە لەو دوو ڕێبازەی ئاماژەتان پێدا ، لەم شانۆگەریەدا فازڵ جاف ئیزافەکانی خۆی لەگەڵ ئەو دوو ڕێبازە دا بەرجەستەی یەکتری کردبوون ، تۆ وەک ئەکتەرێک کە ئەزموونتان لەگەڵ کاک فازڵ جاف لە کاری شانۆدا هەیە ، هەستان بە ئیزافەکانی دەکرد لە کاتی پرۆڤە کردندا..؟**

**مەریوان :** هەر دەرهێنەرێک کە کارێک ئەکا، ئەکەوێتە سەر زیرەکی ئەو دەرهێنەرە. هەر دەرهێنەرێک کە کارێکی شانۆیی ئەکا ئەبێ کەم تا زۆرێک ئیزافاتی خۆی هەبێ. ئەم ڕێبازەش کە کاک فازڵ کرتوویەتی ، هەر بوونی ڕێبازەکە ئیزافەیە بۆ سەر شانۆی کوردی، سەرەڕای ئەوەش هەر خۆشی تایبەتمەندە بە کاری میبیرخوڵد. ئەوەش هەر خۆی لە خۆیدا پێموایە ئیزافەیەکە بۆ سەر شانۆی کوردی. ئەو شێوە بیومیکانیکەی کە ئێمە بەکارمان هێناوە ، بێگومان بە ڕێنمایی کردنی دکتۆر فازڵ جاف پێموایە هەتا ئێستا لە شانۆی کوردیدا نەکراوە.

*** کاک عادل هەڵبەتە گوێبیستی گفتوگۆی نێوان من و کاک مەریوان بووی ، تۆش وەک ئەکتەرێک ئەزموونی خۆت لەگەڵ کاک فازڵ جاف چۆن باس دەکەیت ، مەبەستم ئەوەیە بەرهەمەکانی پێشترتان لەگەڵ دوابەرهەمەتان چۆن بەراورد دەکەن ، لەم بەرهەمەدا خۆتان چۆن دەبینیەوە..؟**

**عادل :** ئەو کارانەی کە لەگەڵ کاک فازڵ کردوومەن ، ئەگەر بەراووردی بکەم ، مەبەست ئەو دوو بەرهەمەی پێشترمە کە شانۆگەری ‹ دوو پێغەمبەر › و ‹ ئازەو وورچ › بوون . بە گوێرەی خۆمەوە بەڵێ جیاوازی هەبوو ، کاتێ شانۆگەری دوو پێغەمبەرمان خستە سەر شانۆ ، واهەستم ئەکرد کە هەندێ ئازاد تر بووم چ لە جووڵانەوە و چ لە دەربڕینی حیوارەکاندا . ڕەنگە ئەویش بگرێتەوە بۆ ئەوەی شانۆگەری دوو پێغەمبەر ئەکتەرەکان زۆرتر بوون ، ئەو قوتابخانەی کە پەیرەوی کرا جیاوازی هەبێ لەگەڵ ئەم شانۆگەرییەی ئەمرۆکەمان ، بەڵام من لەم شانۆگەریە هەستم کرد کە کاک فازڵ بۆ ئێمەی ئەکتەر میتودێکی دیاریکراوی لەسەر ئەم دوو ڕێبازەی کاک مەریوان ئاماژەی پێدا ، واتە ڕێبازی ستانیسلافسکی و میبیرخوڵد. لە دوا بەرهەماندا ئێمە هەتا چ ڕادەیەک توانیومانە دەقە شانۆییەکە لە سەر تەختەی شانۆ وەک دەڵێن بەرجەستەمان کردبێ .لە هەموو حیوارێکدا هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتاییەکەی دەبوایە لەسەر شێوازی میبیرخوڵد بوایە و هەروەها لەلایەنی سایکۆلۆژیشەوە حیوارەکان جێ بە جێ بکرایە. جیاوازییە ڕوون بوو . ئەتوانم بڵێم سەرکەوتووتنی ئەو شانۆگەریە لەو میتودە بوو کە ئێمە وەک ئەکتەر لەسەر شانۆ پەیڕەومان ئەکرد. خەڵکیش هەستیان پێ ئەکرد کە ئەمەیان شێوازێکی تازەیە لە نمایش کردندا .واتە جووڵانەوە لەگەڵ حیوار جێ بە جێ ئەبێ و لەسەر دوو هێڵی ڕێک ئەڕۆن . هەر بۆیە لەو باوەڕەدام کاک فازڵ بە بەکارهێنانی ئەم شێوازە وای لێ کردین کە ئەو چوار چێوەی بۆی دانابووین کە لێی دەرنەچین ، بتوانین بە داهێنانی خۆمان پڕی بکەینەوە بە قەد خۆی بە گوێرەی حیوارەکان ئەو شتانە بدەین کە کاک فازڵ مەبەستی بوو. واتە ئەو ئیلتیزامەی ئێمە وەک ئەکتەر کردمان لە سەر شانۆ کە ئەبێ پەیرەوی ئەو شێوازی دەرهێنانە بوایە کە کاک فازڵ کاری لەسەر ئەکرد. هەڵبەتە جوانکاری لەوە دایە کە تۆ پەیرەوی شێوازە بکەی کە دەرهێنەر ئەیەوێت .

***فازڵ جاف لە بەرهەمەکانی پێشتریدا کە نمایشی کردوون ، وەک ‹ گێژەن ، ڕووتبوونەوە ، دوو پێغەمبەر › بەشی زۆری بینەرانی شانۆگەریەکانی دوای بە کۆتا هاتنی نمایشەکان وا لێدەکرد مشت و مڕی زۆر دروست بکەن ، بێگومان بەشێک ڕەخنەی دەکرد و بەشەکەی دیکەشیان پشتگیری لێدەکرد . بەڵام لە دوا بەرهەمی تیپی شانۆی ئازادا کە شانۆنامەی ‹ مەڕاڵ و کچ › بوو ، ڕێک پێچەوانەی بەرهەمەکانی پێشتر**

**بوون . مەبەست لەم بەرهەمدا بەشی هەرە زۆری بینەرانی ستایشەی بەشداربووانی ئەم بەرهەمەیان دەکرد ، پێتان وایە هۆکارەکەی بە بڕوای ئێوە بۆچی دەگەڕێتەوە..؟**

**عادل :** وابزانم هۆی ستایش کردنی ئەم شانۆگەرییە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی شانۆگەرییەکە بەو قۆناخەی کە میللەتی کوردمان بەتایبەتی و سەرجەم خەڵکی عیراق بەگشتی پێدا تێپەڕ نەبێ. هەڵبەتە ئێستا جیاوازە ، ئازادی هەیە لە کاتێکە گێژەن یان هەر شانۆگەرییکی دیکەی کە کاک فازڵ کردویەتی بێگومان هەندێک بە دڵی نەبووە و ئەوانی دیکەش بە دڵیان بووە . ئەمەشیان ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە زمانی رەخنە گرانەی شانۆگەرییەکانی پێخۆش نەبووە، خەڵکەکە بە دڵیەتی لەبەر ئەوەی تۆ مەسەلەیەکی گرنگ دەوورووژێنی . شانۆگەرییەکە سیاسیە ، ئەتوانین بڵێین جیاوازییەکەی لەوەدایە کە تەنیا قۆناخەکە خۆی جیاوازە، جارێ شانۆگەرییەکە زۆری ماوە نیشان بدرێت .
دوورنییە ئەو بینەرانەی هاتبوون بۆ بینینی خەڵکانێک بوو بن ، تینووی شانۆن ، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ماوەیەکی دوور و درێژ لە سوید نمایشی شانۆیی بە کوردی نەکراوە. ئێمە وەکو ئەکتەر وامان هەست دەکرد بینەرانی ئەمجارەی شانۆگەرییەکەمان خەڵکانێکی تازە بوون ، ئەو جۆرە بینەرانە نەبوون کەپێشتر دەهاتن بۆ بینینی شانۆگەرییەکانی وەک گێژەن و رووتبوونەوە و ئەوانی دیکە . دوور نییە بینەرانی ئەمڕۆ وەک بینەرانی ‹٢٢› ساڵ لەمەوبەر نەبێ کە ئێمە لەو کاتەوە لێرە دەژین، ئەو کاردانەوەی لە دوای گێژەن روویاندا بەلای بینەری ئەمڕۆکە لەوانەیە گرنگ نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا بینەری ئەم شانۆگەرییە هەم بەلایەوە هونەری ئەم نمایشەی پێ گرنگ بوو ، هەم لایەنە سیاسیەکەشی فەرامۆش نەکردبوو.

***ئێوە بۆ یەکەمین جار لەگەڵ تیپی شانۆی ئارارات و کاک فازڵ جافدا لە دوا بەرهەمی ئەو تیپەدا وەک ئەکتەرێکی ئافرەت کە رۆڵی سەرەکیتان لەو شانۆنامەیەدا هەبوو ، بەشدارێتان کرد. وەک ئاگادارین دوای نمایش کردنی ئەم شانۆگەرییە لە چەند لێدوانێکی رۆژنامەوانی چ لە سوید چ لەم دواییانەدا سەردانی کوردستانتان کرد لەوێش هەر بەهەمان شێوە لەرۆژنامەکاندا دیمانەتان لەگەڵ سازکراوە لە هەر هەموویاندا ، وایان نیشان دەدەیت کە ئەو بەرهەمە لەگەڵ فازڵ دا بەشدارێتان کرد بۆ خۆت بە سەرەتایەکی هونەری لە بواری نواندن دا دەیگەڕێنیتەوە ، ئایا دەتەوێت رابردووی خۆت لەم رووەوە رەش بکەیتەوە ، یان ئێوە چۆن دەتوانن ئەو حاڵەتەی خۆتان کە دوای نمایش کردنی ئەم شانۆنامەیە لەلاتان دروست بوو باسی لێوە بکەن ..؟**

**تەلار :** دیارە ئەمن رابردووی خۆم ناسڕمەوە ، بەلام بە کاڵی دەیبینم ‹ پێ دەکەنێ › ، لەبەر ئەوەی ئەو نیشانەی کردوومە ، ئەو دەرهێنەرانەی ئێشم لەگەڵ کردوون بە شێوەیەکی زانستی کاریان لەگەڵ نەکردووم ، لەبەرهەمەکانی پێشترمدا کارەکانمان زۆر بە سادە و ساکاری پێشکەش کراون. لە هیچ بەرهەمێکدا نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە بتوانم لە شانۆگەرییکدا رۆڵێکم هەبوو بێت بە تەواوی کاراکتەری شانۆگەرییەکە ببینم. ئەکتەر دەتوانێت جارێ وا هەیە کاراکتەری شانۆگەرییەکە نمایش بکات. بەلام خۆ دەبێ کاریگەری دەرهێنەری لەم رووەوە زۆر گرنگە ، بۆیەش من ئەو شانۆگەرییە دادەنێم بە بەرهەمی یەکەمم چونکە بە راستی کاک فازڵ جاف یەکەمیان دەرهێنەر بووە بە شێوەیەکی زانستی و هونەری کارم لەگەڵدا بکات. هەنوکە وای دادەنێم بەم بەرهەمە من بوومەتە ئەکتەر .

***تۆ لەو شانۆگەرییەدا وەک ژەن و ئاشکرابوو کاراکتەرەکەت رۆڵێکی لە رادەبەدەر بوێری و پڕ لە جەرائەت بوو، چونکە خۆت دەزانی لە رەوشی کۆمەڵگەی کوردەواری و ژیانی ئافرەتی کورد دا دەیان بەربەست و کۆت و پەیوەند هەن کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، تۆ خۆشت پێش هەر شتێک وەک ئافرەتێکی کورد خوسوسیەتی خۆت هەیە ، بەلام لەم نمایشە شانۆییەدا زۆر بوێرانە گەلێک وشەی جەرامتان بەکار دەهێنا ، کە لەوانەیە**

**هەتا ئێستاکە ئەم جۆرە ووشانە لە شانۆی کوردی و هەتا لە نێو کۆمەڵگەی کوردیشدا قەبوڵ نەکرێن . ئێوە لەم ڕووەوە هەستتان بە چ دەکرد یان ئەو حاڵەتانە بۆ تۆ چییان دەگەیاند ؟**

**تەلار :** دوای ئەوەی نمایشی شانۆگەرییەکە تەواو بوو ،هەستم بەوە نەدەکرد کە ئەمن هیچ ووشەیەکی حەرام گوتووە ، چونکە کاردانەوەی بینەرانی ئامادەبوو و کەس و کارو هەروەها هاوسەرەکەم پێموایە شتەکان زۆر بە سادەیی وەرگیرا بوو. ئەمن کەسێکی وا پێی نەگووتم ها ... تۆ شتێکی حەرامت گوتووە ... ناوەرۆکی شانۆگەرییەکەش کە ئەمن دەورم تێدا دەبینی ، ئەگەر بیر لە ناوەرۆکەکەی بکەینەوە ، بیرلەوە نەکەینەوە کە تۆ تێدا ووشەی حەرامت گوتووە ... بە پێچەوانەوە هەر چەندی شتەکان بڵێیت ، ئەو ڕق و شتە ناخۆشانەی کە لە ناخی پاولینا دا هەیە کە تاکو ئێستا هەر کەمە دەرنەبڕاوە.

***شانۆنامەی‹ مەرگ و کچ › کە هەنوکە ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین ، لەوانەیە لە٢ی هەڵکانی ئەورووپایی ئەگەر ئەو جۆرە ووشە حەرامانە بەکار ببرێت شتێکی زۆر ئاسایی بێ.هەتا ئێستاکە لە نێو عەرەبیشدا بەم شێوەیە ووشە حەرامەکان لە شانۆدا سنووریان نەبەزاندووە .بۆیە پێموایە یەکەمین جار شانۆی کوردی بەهۆی تیپی شانۆی ئاراراتەوە لەسوید ئەم سنوورە ببەزێنێ. باشە کە لە سەرەتاوە هاتی ئەم ڕۆڵەتان وەرگرت بە تایبەتی لە کاتی پرۆڤەکردندا هەستتان بە چی دەکرد ، هەستت بەوە نەدەکرد کە ڕوو بە ڕووی گرفتێکی گەورە دەبیتەوە لەبەرامبەر بینەراندا ...؟**

**تەلار :** لەگەڵ بینەر نا ، بەلام لەگەڵ خودی خۆمدا بۆ من زۆر قورس و زەحمەت بوو ئەو شتانە بڵێم . سەرەتا هەر دەگەیشتینە ئەو ووشانە دەمبەڕاندن . بەلام کاک فازڵ دەیگوت نا دەبێ بیڵێی ‹ بێ دەکەنێ› دوای وام لێ هاتبوو کەوا ووشەی عادی دەڵێم ، بیرم لەوە نەکردبۆ وە کە بینەر چۆن بیری لێ دەکاتەوە . چی دەڵێت هەتا چەند کەسێکیش لەسەریان نووسی بە تایبەتی ‹ شەهلا دەباغی ›. دوای بیرم لێ دەکردەوە نا.. خەڵک چۆن وەریان گرتووە و شتی وا. دەنا قەد بیرم لەوەی نەدەکردەوە بینەران کاردانەوەیان چۆن دەبێ کە دێن ئەو شانۆگەرییە دەبینن . بەس لە سەرەتاوە بۆ من زۆر زەحمەت بوو چۆن بتوانم ئەو ووشە حەرامانە بڵێم . ئێستاش گەیشتینە ئەوەی پێشکەشمان کرد ، لە دوایشدا هەر وام هەست دەکرد کە ووشەی عادی دەڵێم .

***ئەم شانۆگەرییە لە ڕووی داڕشتنی دەقەکەوە و هەروا هەتا لەڕووی کاری دەرهێنان وەك دەڵێن وەستاییەکی لە دواوەیە ، تۆ ئەو وەستاییەی کاك فازڵ جاف وەك ئەکتەرێکی ئافرەت چەند کاریگەری لەسەرت دروست کردووە. زۆر ئەوە دووبارە دەکەیتەوە کە ئەم بەرهەمەی لەگەڵ کاك فازڵ جافدا بەشداریتان کرد ، بەسەرەتایەکی هونەری بەرز بۆ خودی خۆت دەبینرخێنی ، لەوێ مەبەستم لە کوردستانە کاردانەوەی خەڵك بە تایبەتی شانۆکارانی کوردستان چی بوو و چییان پێدەگووتی....؟**

**تەلار :** هەندێکیان کە هاوڕێ ی خۆم بوون ، یان مامۆستام بوون ، دەیان گۆت ئەخێر تۆ خۆت ئەو بەهەرە و ئەو توانایەت هەبووە . بەلام بەهەرە و توانا چی لێ دەکەیت ئەگەر دەرهێنەرێکی باش نەبێت دەریخات ، ئەمن دەڵێم بە شێوەیەکی زۆر جوان و زانستی و شێوازێکی رێک و پێک فێرکرام و پرۆڤەم پێکرا لەلایەن کاک فازڵ جافەوە. بۆیە هەست دەکەم کە زۆر زۆر کارتێکردنی ئەوم پێمەوە دیارە . لەبەر ئەوەی هەست دەکەم لەم شانۆگەرییەدا پەنجەکانیشم حیسابی بۆ کرابوو ، وا هەست دەکەم جێدەستی کاک فازڵ جاف بەڕوونی دیارە .

*** شادە خان وەک ئاگادارین تۆ لە کوردستان لە شانۆدا کارتان نەکردووە ، پێموایە سەرەتای هونەریتان لە شانۆدا لە تیپی شانۆی ئارارات لەگەڵ کاک فازڵ لە سویدەوە دەست پێدەکا ، لەو شانۆگەریەشدا تۆ وەک یاریدەدەری دەرهێنەر کارتان کردووە. ئەو ئەزموونی یاریدەدەری دەرهێنەر بۆ تۆ چیدەگەیێنێ . چونکە لە لێدوانێکی ڕادیۆی کوردی لە ستۆکهۆلم وتت دەمەوێ بچم شانۆ بخوێنم و ببمە کادیرێکی شانۆکار ، ئەمەیان بۆچ دەگەڕێتەوە ...؟**

**شادە :** هەڵبەتە من لەم شانۆگەرییەدا وەک یاریدەدەری دەرهێنەربووم ، کارە هونەرییەکان کاریگەرییەکی زۆر زۆری هەبوو بۆم ، پێموایە زیرەکییەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاک فازڵ ، کە هەموو کاتێک هانیداوم بخوێنم ، ئێستاکەشی لەگەڵ دابێ پێم ئەڵێت تۆ ئەبێ بخوێنیت ، چونکە تۆ بۆ کاری دەرهێنەر باشی و ئەتوانیت ئەو کارە بکەی . بۆیە من هاتە ئەتوانم هەوڵئەدەم لە داهاتوودا لە بەشی دەرهێنان بخوێنم.

***بەڵام کاک مەریوانی هاوسەرت کە ئەکتەرە لە تیپی شانۆی ئارارات و لەو بەرهەمەشدا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو ، ئەو لە لێدوانێکی ڕادیۆیی لێیان پرسی دەرچووی کام ئەکادیمیای شانۆیی ، کاک مەریوان لە وەڵامدا وتی : دەرچووی ئەکادیمیای شانۆی دکتۆر فازڵ جافم... مادام مەریوانی هاوسەرت وا بیر دەکاتەوە ، پێویست دەکات تۆ بچیت شانۆ بخوێنیت ...؟**

**شادە :** ‹ بە پێکەنینەوە › هەڵبەتە من وتومە کاک فازڵ کاریگەری لەسەرم زۆرە و زۆریش هانم ئەدات . بێگومان من ئەگەر نەخوێنم چ وەک ئەکتەر چ وەک دەرهێنەر لە داهاتوودا ئەگەر لە شانۆکار بکەم ، زۆر شت هەیە ئەو کاتە ناتوانم لەسەر شانۆ بەرجەستەیان بکەم . هەر ئەبێ لەو ڕێگایەوە خۆم ئامادە بکەم ، ڕاستە کاک فازڵ زۆر هاریکاریم ئەکات ، بەڵام ئەبێ خۆشم خۆم پێبگەیێنم هەوڵبدەم زیاتر فێر ببم و بخوێنم .

***مادام باسی وشەی بەرجەستەتان کرد کە ماوەیەکە لە ئەدەبیاتی شانۆی کوردیدا زۆر دووبارە دەکرێتەوە ، تۆ وەک یاریدەدەری دەرهێنەر لە چ ڕوویەکەوە توانیت کارەکان بەرجەستە بکەیت ، کاری تۆ نێدەتی چی بوون ...؟**

**شادە :** ڕۆژانە هەموو کاتێک لەگەڵ ئەکتەرەکاندا دەقیقە بە دەقیقە و هەنگاو بە هەنگاو دەقەکەم بۆ ئەکتەرەکان ئەخوێندەوە ، هەستم ئەکرد خۆشم دەور ئەبینم ، چونکە دەقەکە وا تەنسیری تێکردبووم ، زۆرجار ئەو حاڵەتەی خۆم بۆ کاک فازڵ جاف باس ئەکرد. زۆرجار کە کاک فازڵ لەوێ نەدەبوو پرۆڤەکانم دەبرد بەڕێوە. هەروەها زۆر ئەرکی تەکنیکی تریش کە کەتبووە سەر کارەکانی یاریدەدەری دەرهێنەر.

*** دەڵێن لە هونەردا تەمەن نییە ، ئەزموون هەیە . گرنگ نییە هونەرمەند خاوەن ئەزموونێکی دوور و درێژ بێت. گرنگ ئەوەیە هونەرمەند داهێنەر بێت. ئێوە لە تیپی شانۆی ئارارات دا چ جۆرە داهێنانێک دەبینن . لە بەرهەمێک هەتا بەرهەمێکی دیکە جیاوازییەکان چین ...؟**

**شادە :** هەڵبەتە من یەکجار لە تیپی شانۆی ئارارات دا دەورم بینیوە ، ئەویش لە شانۆگەری ‹ ئازە و ووزچ › ، بەڵام ئەمەشیان ناتوانم لەگەڵ شانۆگەری گەورەکان بەراووردی بکەم ، شانۆگەری منداڵ زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ هی گەورە . لەم شانۆنامەیەدا جیاوازی لەگەڵ شانۆنامەکانی پێشتر ئەوەیە شانۆنامەکانی پێشوو بۆ گەوران ئافرەتی تیادا نەبوو. بەڵام لەم شانۆگەریەدا ڕۆڵی ئافرەتی تیایە ، کە گورسترین ڕۆڵە. هەڵبەتە ئەمەیان هاندانێکە بۆ ئێمەش

که بتوانین له داهاتوودا زیاتر بەشداریمان هەبێ و لەگەڵ کاک فازڵ جافدا بەردەوامیمان هەبێ .

**تەلار :** من وەک ئیشی یەکەمم لەگەڵ ئەو تیپەدا ، بە هەنگاوێکی زۆر گرنگ و گەورەی دەبینم ، واش هەست دەکەم وەک خەڵکی ئاسایی دەڵێن بەختێکی گەورەم هەیە کاک فازڵ لێرەیە ، هەتا بۆم بکرێت هەوڵدەدەم سوود لە بیر و بۆچوون و هونەرە جوانەکانی وەربگرم.

**عادل :** رەنگە من تەجروبەم زیاتر بێت لەئەندامانی دیکەی تیپی ئارارات ، وەک ئەکتەر و وەک تەمەنیش ، ئەوەندەی پەیوەندی بە بیر و بۆچوون و سەلیقەو خوێندنەوە هەبێ. من یەک شت ئەڵێم دەربارەی کاک فازڵ جاف ، زۆرجار ئەو تەجروبانەی بەسەر خۆمدا ڕەتبووە لەگەڵ چەندەها دەرهێنەر دا کارم کردووە . جیاوازی کاک فازڵ لەگەڵ ئەواندا ئەوەیە کاک فازڵ برادەرتە و مامۆستایە ،لە کاتی کاردا مامۆستایە ئەوە زۆر گرنگە . واتە هەندێ شت قەبول ناکات، کاک فازڵ بۆ ئێمە مامۆستایە ، بەڵێ وەک مامۆستایەکی شانۆ کارمان لەگەڵدا ئەکات. کاتێ تۆ لەسەر تەختەی شانۆی ڕێنمایی دەکات ، رەخنەت لێ ئەگرێ ، رەنگە توورەش بێت. بەڵام دواتر ئەو هەر خۆی وەک برادەرێک لەگەڵت ئەمێنێتەوە. رەنگە من وەک تەجروبەی خۆم هەندێک برادەرم هەبووبێ دەرهێنەر بوو بێ ڕووی ئەهاتبێت بڵێ ئەمجوولانەوەیەت هەڵەیە ، یاخود ئەیویستبێت دڵم بشکێنێت ئەگەر شتەکەش بەهەڵە ڕۆیشتبێش کراوە ، ئەمە خۆی لە خۆیدا هەڵەیە.بۆیە ئەڵێم تەجروبەی من وەک ئەکتەر لەگەڵ کاک فازڵ دا جیاوازە،من رێزی لێ ئەگرم وەک قوتابی ، ئەویش رێزم لێ ئەگرێت وەک مامۆستایەک.

**مەریوان :** لە شانۆدا تەمەن نییە ، لە شانۆدا عیشق هەیە ، ئیلتیزام هەیە،تێگەیشتن هەیە. تۆعیشقت چەندە بۆ شانۆ ؟ ئیلتیزامت چەندە بەرامبەر بە شانۆ ؟ تێگەیشتنت چەندە بەرامبەر بە شانۆ ؟ پێموایە ئەم سێ خاڵە تەمەنی شانۆیی تۆ یان تەمەنی کارکردنی تۆ لەسەر شانۆ دیاری ئەکەن. پێموایە هەتا عیشقت زیاتر بێ تەمەنت گەنجترە و هەتا تێگەیشتنیشت زیاتر بێ تەمەنت گەنجترە، بە بۆچوونی من ئەوەیە مەسەلەکە . چونکە هەروەک ئەی بینین زۆر ئەکتەر هەیە بەناو ئەکتەرن چەندین ساڵە لەسەر شانۆ کار ئەکا، هەتا ئێستاکە کارێکی ئەبینین ، پێتوایە هەمان کاریەتی کە پێش چەندین ساڵ کردویەتی، واتە هیچ ئیزافەیەکی نییە و هیچ داهێنانێکی لەسەر کارەکانی خۆی لەسەر رۆشنبیری خۆی ، لەسەر بۆ چوونی وبیروباوەری خۆی، کەواتە چەندین ساڵە لە جێگای خۆی لە بازنەیێکی داخراوە ئەخولێتەوە.بەڵام پێموایە کارکردن لە شانۆدا ئەگەر تۆ کارێکت کرد لە کاری داهاتوودا هیچ ئیزافەیەکت ئەخستە سەر خۆت ، سەربۆ چوون و رۆشنبیری خۆت ، سەر تێگەیشتنی خۆت ، پێموایە لە دوایی ئەوەوە واز لە کاری شانۆ بهێنی باشترە، هەروەک لە پێشدا ئامـاژەم بۆ کرد کاری شانۆ خۆشەویستی و ئیلتیزام و تێگەیشتنە ، کەواتە ئەگەر هیچ ئیزافەیەکت نە خستە سەر ، هیچ تێنەگەیشتووی لە شانۆ.

*** پێموایە هەموو شانۆکارێك دەتوانێت سوود لە هەموو ڕێبازێکی شانۆی جیهانی وەرگرێت ، بەمەرجێك کتو مت وەك خۆی نەیگوازێتەوە. تەجروبەی ئێوە لەڕووی زانستی شانۆوە یان باشتر وایە بڵێم لەڕووی ئەکادیمییەوە چییە و کاك فازڵ جافیش هەروەم لە کاتی کارکردنیدا پەیڕەوی کۆمەڵێك ڕێبازی شانۆی جیهانی دەکات . ئێوە لەو بڕوایە دان کاتێ کاك فازڵ ڕێبازە شانۆییە جیهانییەکان دەهێنێتە نێو بەرهەمەکانی خۆی ، هەتا چەند ئیزافەکانی خۆی لە شانۆنامەکانیدا بەرجەستی یەکتری دەبن ..؟**

**مەریوان :** خۆی خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە ، کە سەبارەت بە دەرهێنەرەک کە ئەبێ بەم شێوەیە بێت . ئەبێ مەسەلەی تیۆری بخوێنی و تا بتوانی ئەو کارە بەرجەستە بکەی بە شێوەی پراکتیک. کاک فازڵ ئەو بابەتانەی خوێندویەتی یان ئێستاش بە بەردەوامی دەیانخوێنێ و لێکدانەوەی خۆی بۆیان هەیە، سەرەڕای ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر زۆر شێواز و قوتابخانەی جیاجیا هەیە ، بەڵام ئەو زیاتر پەیرەوی رێبازی مییرخولد ئەکات . کاک فازڵ توانیویەتی هەتا ئێستا ئەوەندەی من ئاگاداربم و شارەزایم هەبێ لەهەر کارێکی دا ، ئەو تیۆری شانۆیی ئەهێنێت و بە پراکتیک لە کاری شانۆییدا بەرجەستە ئەکات.هێنان و بەکارهێنانی رێبازە جیهانیەکانی شانۆ بۆ نێو شانۆی کوردی و زۆر بە شێوەیەکی ئەکادیمی ئاوێتەی یەکتریان ئەکات. بێگومان دەقا و دەق نابێت ، ئەگەر بێت و وەک خۆی دەقا و دەق بیکات ، ئەو ئەبێ بە شێوەی بۆ چوون و بیر وفیکری خۆی ئەم دارشتنە تیۆرییە بهێنێت و بیکاتە پراکتیک وئیزافەی

هێنانی بیر و بۆچوون و ڕێبازی شانۆی جیهانی بۆ ناو شانۆی کوردی لە ڕێگای کاک فازڵەوە بە شێوەیەکی زۆر باش بەرجەستە کراوە.

*** تۆ لە میانەی قسەکانتدا ئاماژەت بە ڕێبازی مییرخۆڵد کرد ، زێدەتر کاک فازڵ لە کاتی کارکردنیدا تەرکیز لەسەر ڕێبازی مییرخۆڵد دەکات لە شانۆ بەگشتی و شانۆی کوردی بەتایبەتی . لە میدیای کوردیدا خوێندوومەتەوە هەندێ لە شانۆکارانی کورد لە لێدوانەکانیاندا وتویانە ؛ کە ڕێبازی مییرخۆڵد لە ئەوروپادا باوی نەماوە ، ئێوە لەم ڕووەوە چیدەڵێن ..؟**

**مەریوان :** < بەپێکەنینەوە > پێموابێ تۆ ڕامنەکێشی بۆ نێو مەسەلەیەکی دیکەوە، بەلام هەر چۆنێک بێت من وەلامت ئەدەمەوە . زۆر کەس پێیانوایە کە ستانیسلاڤسکی و میبرخۆڵد هەتا بریختیش بەسەرچوون نەک تەنیا میبرخۆڵد. من سەد لە سەد بەپێچەوانەی ئەوانەوەم. خۆی حەتمەن ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ڕۆشنبیری ئەو کەسانەی ئەو شێوە قسانە ئەکەن. لە وڵاتی ئێمەدا. لە کوردستان بە پلەی یەکەم مەسەلەی سەرچاوەکان لە بواری شانۆدا کەمن ، ئەو سەرچاوانەش کە هەبن هەتا ئێستا دیارە بە زمانی فارسی و عەرەبی وکەم تا زۆرێکیش لەوانەیە بە زمانی تورکی بوو بێت. ئەمانەش حەتمەن ئێستا کەمبوونەتەوە، دووەمیش ئەو شێوە وەرگێرانانە زۆریان کە دانەنیشی ئەیانخوێنیتەوە سەیر ئەکەی بەشی زۆری هەڵەی زۆر زۆری تیایە، تۆ لێرە لە وڵاتێکی وەک سوید و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا ، کەسێکیش کە بتوانێت زمانە بیانیەکان وەکو زمانی ئینگلیزی ، فەرەنسی ، ئەلمانی، ڕوسی و سویدی ، ئەمانە بتوانێت لەو زمانانەوە وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی ، بێگومان قەبارەی خۆی ئەبێ . بێگومان مانایەکی پڕ تری لەبابەتەکان ئەبێ . ئێستاکە ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە لای خۆمان دەربارەی ستانیسلاڤسکی تەنیا کتێبی < ئامادە کردنی ئەکتەر>مان هەیە ، ئەویش کراوەتە عەرەبی ، پێموایە ئەگەر سەرچاوەکانی دیکەش هەبن ، زۆر کەم بن و دەستی زۆر کەسیش ئەکەوتوون ، بەلام ئەگەر لێرە مەبەستم ئەوروپایە بۆی بگەڕێیت سەرچاوەی وات دەستدەکەوێت ، پێموانییە بە کاتێکی زۆر زۆر زەمەنی دوور و درێژیش بگاتەوە ئەو کەسانەی ئەو جۆرە قسانە ئەکەن.

***لە کوردستان زۆر ئیدیعای ڕێبازێ لە شانۆدا ئەکەن کە پێیدەووترێت < ئەزموونگەری > بەڵام هەندێ لە شانۆکارانمان دەڵێن ئەزموونگەری ڕێباز نییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی شێوازێ لە شانۆدا ، شێوازێکی تازە ، هەندێکیش پێیانوایە تەمومژێکە هاتووە و بەسەر دەچێت، لەم ڕووەوە فازڵ جاف وەک ئەزموونگەرێ بۆ شانۆی کوردی هاتووە شتی تازە بهێنێتە ناوەوە ، یان شێوازی کار کردنی سەد لە سەد جیاوازە..؟**

**عادل :** ئەگەر باس لە ئەزموونگەری لە شانۆی کوردیدا بکەین پێموایە هێشتا زوو زووە. بە تایبەتی بۆ میللەتێک کە خۆی شانۆی نەبێت ، بەلام من ئەڵێم ئەو شێواز و ڕێبازی کاک فازڵ بەکاری ئەهێنی لە ڕێبازی میبرخۆڵد دا ، بۆ فێر کردنی ئەکتەر باشترین فێر کردنە ، چونکە تاوەکو ئەکتەر نەتوانی ئەو جووڵانەوە لە سەر شانۆدا وەک دەرهێنەر گەرەکیەتی جێ بە جێی بکات . ئەمجا لە ڕووی سایکۆلۆژیشەوە کاراکتەرەکەت لە نمایشەکەدا دەربخەیت . و بەهەمان شێوە ناتوانیت ئینجا داهێنانی تیادا بکەیت ، بەو پەڕەیە بچیتە سەرەوە یەکسەر بۆ ئەزموونگەری ، ئەگەر ڕێباز و قوتابخانەیەکت گرت وەک ئامازەمان پێدا. هەروەها ڕێباز و قوتابخانەکانی ستانیسلاڤسکی میبر خۆڵد وابزانم باشترین شێوەیە بۆ پێگەیاندنی ئەکتەر و خۆ پەروەردە کردن ئەو دوو ڕێبازەیە کە باسمان لێوە کرد. هەڵبەتە کاک فازڵ جاف لە شانۆ لەگەڵ ئێمەدا ئەم ڕێبازانە بەکار دەهێنێ . ئەو کارانەی کە کاک فازڵ وەکو ئەکتەر لەگەڵ ئێمەدا ئەنجامی ئەدات ، شێوازێکە بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەکی شانۆیی لە نێو شانۆی کوردیماندا . بێگومان ئەبێ هەموو کەسێک بەم هەموو قوتابخانانە دا بڕوات ئینجا بگاتە ئەزموونگەری ، ئەگەرنا ئەزموونگەری لەوانەیە بە هەڵە دەربچێت .

***فازڵ جاف لە هەڵبژاردنی دەقە شانۆییەکانی دا هەستی دەروونزانی زۆر بالا دەستە ، کە ڕەنگە بینەر بخەتە پێکەنین یان گریان یانیش هەر دەربڕینێکی دیکەوە ، هەروەها ئاستی پەردی نێوان ئەکتەر و بینەر لە نواندنی کاراکتەری شانۆگەریەکانیدا لەلای ناوبراو**

**گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە ، ئەو گرنگییش ئەوەیە کە دەبینین زۆربەی زۆری فازڵ جاف کە دەقێک هەڵدەبژێرێت لە کۆتایی شانۆنامەکەدا ئەوەی بینەر دەیەوێت ئەوە نادات بە دەستەوە ، هەردەم بینەر تووشی بیرکردنەوە دەکات . لەم شانۆگەرییەشدا هەروا کەوتەوە . بێگومان تەوەری گفتوگۆی ئەم دانیشتنەشمان بەشی زۆری لەسەر تیپی شانۆی ئارارات و کارە شانۆییەکانی دکتۆر فازڵ جافە ، هەر لەبەر هەندێش زێدەتی ناوی بەڕێزیان دێتە گۆڕێ . تۆ لەم ڕووەوە چ ئەزموونێکتان لە کارکردندا لەگەڵ کاک فازڵ بەدەستهێنا..؟**

**تەلار :** بەبڕوای من ئەوە جوانییەکی دا بە شانۆگەرییەکە ، پێموایە پرسیارێکی گەورەی لەلای بینەر دروست کرد ، دوور نییە هەندێک لە بینەر هەتا ئێستا بیر لە بە کۆتا هاتنی ئەم شانۆگەرییە بکەنەوە ، کە بۆچی بەم شێوەیە بە کۆتا هات . پێموایە کاک فازڵ بەم شێوەیە کار دەکات ، بۆ ئەوەی وا لە بینەر بکات هەردەم بیربکاتەوە.

**شادان :** منیش بیر و بۆ چوونم لەگەڵ تەلارخانە ، هەڵبەتە شێوازی بە کۆتا هاتنی شانۆنامەکانی پێشووتریش هەروا بوو ، هەردەم لە کۆتایی ئاکامی شانۆگەرییەکانیدا بۆ بینەرانی بەجێهێشتووە ، بیر بکەنەوە .

***بینای شانۆگەری لە دەقەوە دەست پێدەکات دوای دەرهێنەر ، ئەکتەر و بینەر دێن . زۆر کەسیش دەڵێن نەخێر دەق لە شانۆدا ڕۆڵی خۆی نابینێ . باشە بەبێ تێکست دەرهێنەر و ئەکتەر لە شانۆ دا چ مانایەک دەگەیێنێ ..؟**

**مەریوان :** من پێموایە پێش تێکست ، واتە نووسەر، دەرهێنەر ، ئەکتەر و بینەر ، ئەمەیان هاوکێشەیەکی کۆمەڵایەتییە ، هیچ یەکێکیان بەبێ ئەویتریان گوزارشت ناکات هەروەک چۆن لە فیزیادا ‹$H_2O$› ئەکاتە ئاو ، هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوی دیکە ئاو دروست ناکات. دیسانەوە لە مەسەلەی شانۆشدا هەروەکو وتم بەم چوارخاڵە ، تێکەیشتن لە شانۆ دا دروست ئەبێ. ئەگەر هەر خاڵێک لەو خاڵانە نوقسانی هەبێ ، شانۆکە نوقسانی ئەبێ.

**عادل :** بۆ چوونەکانم لەگەڵ کاک مەریوان یەکدەگرنەوە ، بەڵام ئەمەوێ ئیزافەی یەک شت بکەم ، کاک مەریوان وتی : نووسەر ، دەرهێنەر ، و ئەکتەر و بینەر ، بەس پێش تێکست ئەبێ ڕووداوێک ڕووی دابێت بۆ ئەوەی نووسەرێک بتوانێت بینووسێتەوە، ئەم ڕووداوە خۆی لە خۆیدا شانۆیە ، درامایە ، شتێک ڕوویداوە ئەو نووسەرە نووسیویەتی ، واتە هەموو ڕووداوێک ئەگەڕێتەوە بۆ شانۆ بۆ ئەو هەموو قۆناخانەی کە تیا پێ تێپەڕ ئەبێت.

***ئێوە پێتان وایە دەقی شانۆیی لە دەرهێنەرەوە بەرجەستە دەبێت ، یان ئەو بەرجەستە کردنە زێدەتی کاری ئەکتەرە...؟**

**عادل :** من پێموایە تەواوکەری یەکترین ، ناکرێ تێکستێک ئەگەر ئەخرێتە سەر شانۆ وەک خوێنەر پێشتر ئەیخوێنێتەوە تام و چێژی لێوەردەگرێت ، بەڵام ئەم تام و چێژە جیاوازترە کاتێ بینەر لە سەر تەختەی شانۆدا ئەیبینێت .

*** زۆرجار نمایشی شانۆیی ئەگەر چەند چڕ و پڕتر بێت و ئامرازە هونەرییەکانی لە ڕووی کاری دەرهێنانەوە میراتی بێت ، کە ئەو دەقە بە چ شێوەیەک لە سەر شانۆ بەهۆی ئەکتەرەکانیەوە بەرجەستە بکرێت . چەندە کاریگەری بینای کردنی دەقە شانۆییەکە لە**

**ڕاهێنان و نمایش کردنی لەسەر تەختەی شانۆ دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی دەرهێنەرەکە لە ڕووی پاشخانی ڕۆشنبیرییەوە . ئایا ئەو شانۆگەرییانەی هەتا ئێستا تیپی شانۆی ئارارات کە  بە شێوەیەکی زۆر پرۆفیشناڵ پێشکەش کراون ، پێتانوانییە لە ڕووی پاشخانی ڕۆشنبیرییەکی دەوڵەمەندەوە کە لەلای دەرهێنەرەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت . باشە ئەم ڕۆشنبیرییە دەوڵەمەندە دوای بە کۆتا هاتنی هەر بەرهەمێکی ئەم تیپە شانۆییە ، چەندە کاریگەری خۆی لەسەر ئەکتەرەکانی بەجێ دەهێڵێ ...؟**

**عادل :** کاک فازڵ تەجروبەیێکی زۆر زۆر کۆنی هەیە لەم کارەدا ، دەتوانم بڵێم پتر لە نیوەی ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ ئەم کارە . لەبەر ئەوە ئەو قۆناخانەی کاک فازڵ پێ تێپەڕیوە لە بەدەست هێنانی ماجستر و دکتۆراو ئەو ڕێباز و قوتابخانانەی شانۆ . ئەو کارانەی کردوویەتی لە کوردستانیش پێش ئەوەی بێتە هەندەران ئەمانە بنەمایێکی تایبەتمەندی خۆی هەیە ، کاتێ کاک فازڵ کاری کردووە ، کارەکانی جیاوازن لەگەڵ دەرهێنەرەکانی دیکە. ئێمە وەک ئەکتەر لەگەڵ کاک فازڵ دا کار ئەکەین جیاوازیمان هەیە ، بەڵێ جیاوازییەکان لە دوو قوتابخانەی شانۆ ڕەنگیانداوەتەوە. کارەکانی کاک فازڵ ڕۆشنبیرییێکی تەواوی بە دواوەیە . کاتێ ئەو دێت تێکستێک بۆ سەر شانۆ هەڵدەبژێرێت بۆ نمایش کردن و  نیشاندانی بینەرانی تایبەتی خۆی لە سوید یان لە هەر شوێنێکی دیکەدا هەیە ، ئەو بە وورياییەوە و بەئاگا لە ڕەوشی وڵاتەکەی خۆی تێکست بە گوێرەی قۆناخەکە هەڵدەبژێرێت ، ئەو دەزانێت قۆناخەکە چی گەرەکە ، ئەوەش بەو مانایە دێت کە کاک فازڵ جاف هونەرمەندێکە خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندە ، پێویستە شانۆی کوردی فەرامۆشی نەکات ، چونکە بێگومانم شانۆی کوردی ئەمڕۆمان پێویستییێکی زۆری بە هونەرمەندانی وەک دکتۆر فازڵ جاف هەیە کە تەکانێک بەو قەیرانەی شانۆی کوردی بدات و لە مردن ڕزگاری بکات .

***کاتێک کاک فازڵ جاف بەو زەخیرە زۆرەوە لە شانۆدا کارتان لەگەڵدا دەکات ، بێگومان ئەو زەخیرە زۆرەی کە لە لای ئەوەدا گەڵاڵە بووە ، هەروا بە ئاسانی نەهاتۆتە ئاراوا ، بێگومانم ئەو شەونخونێکی  لە ڕادەبەدەری لەگەڵدا کردووە . بەش بە حاڵی خۆم لەو باوەڕەدام  کە کاک فازڵ تۆبەکاری شانۆیە و لەسەر دەستی شانۆ تۆبەی کردووە و بۆ شانۆ دەژیت و بۆ شانۆ کار دەکات و هەموو ژیانی بۆتە شانۆ . ئەو چەندە کاریگەری لەسەر ئێوە لە کاتی کار کردندا بەجێهێشتووە ، دیارە مەبەستم لەڕووی پێداگۆگییەوە ، واتە وەک مامۆستایەکی شانۆ بە چ شێوەیەک ئەو زەخیرە دەوڵەمەندەی خۆی دەدات بە ئێوە لە کاتی پرۆڤە کردندا...؟**

**عادل :** ئەگەر من بەش بە حاڵی خۆم باسی بکەم ، زۆر زۆر سوودم لە کاک فازڵ وەرگرتووە ، من وەک ئەکتەرێک کار ئەکەم بە گوێرەی ئەو قوتابخانە و ڕێبازە شانۆییانەی ئەو ئەیەوێ ، بەگوێرەی ئەو بۆ چوونانەی ئەو ئەیەوێ لە کەلالە کردنی ئەو تێکستەی کە هەڵیدەبژێرێت بۆ شانۆ ، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بۆ کاتێک و زەمەنێکی تایبەتمەند هەڵیدەبژێرێت. بێگومان سوودمان لە کاک فازڵ زۆر زۆر وەرگرتووە. ئەتوانم بڵێم ئێمە وەک قوتابی و ئەویش وەک پێداگۆگ و مامۆستایەکی شانۆ کاری لەگەڵدا دەکەین.

*** تەلارخان تۆ لەم شانۆگەرییەدا ڕۆڵێکی سەرەکی و سەرکەوتووت دەبینی . من دەڵێم هیچ کاتێک پردی نێوان ئەکتەر و بینەر دروست نابێت ئەگەر دەقێکی سەرکەوتوو لەگەڵ دەرهێنەرێکی سەرکەوتوو ئاوێتەی یەکتری نەبن. ئەگەر هاتوو ئەو دەرهێنەرە بێت کۆمەڵێک میتودی شانۆی جیهانی بهێنێت ولەگەڵ شێوازی خۆی لە دەقە شانۆییەکەدا بە**

**خۆی ئەکتەرەکانیەوە لەسەر شانۆ بەرجەستەیان بکات . تۆ لەبەر ئەوەی جاری یەکەمت بوو لەگەڵ کاک فازڵ جافدا ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ئەکتەر و بینەر لەلایەک و پەیوەندی نێوان دەرهێنەر و ئەکتەر و دەقەکە لەلایەکی دیکەوە ، چۆن لێکدەدیتەوە...؟**

**تەلار :** یەکەمجار هەڵبژاردنی دەق زیرەکیەکی تەواوی تێدا بوو . دوای شێوازی دەرهێنەر لە کار کردندا ئاوێتەی یەکتری دەبوون و لە هەمووشی گرنگتر شێوازی کارکردنی دەرهێنەرە لەگەڵ ئەکتەردا هەر هەموو ئەمانە وایان کرد کە ئەم شانۆگەرییە سەرکەوتنێکی لە رادەبەدەر بە دەست بهێنێت.

***ئێوە هەر هەمووتان لە قسەکانتاندا دەردەکەوێت کە لەگەڵ تیپی شانۆی ئارارات بە گشتی و کاک فازڵ جاف بە تایبەتی گەش بینن . ئەگەر هاتوو رۆژێک لە رۆژان بیر لە دامەزراندنی تیپی شانۆی نەتەوەیی لە کوردستان کرایەوە ، ئەو شێوە کارکردنەی ئێوە لە سوید دەکرێت ببێتە بنەمایەکی زانستی بۆ کار کردن لە تیپێکی شانۆی نەتەوەیی لە کوردستاندا ..؟**

**تەلار :** بە دڵنیایەوە چونکە هەتا ئێستاکە لە شانۆی کوردیدا بەم شێوە ئەکادیمیا و زانستیە کار نەکراوە، دڵنیاشم رۆژێک لە رۆژان شانۆی نەتەوەیی لە کوردستان دروست ببێت ، دەبێت لەسەر دەستی کەسانێکی وەک کاک فازڵ جاف دروست بکرێت . پێشموایە هەتا ئێستاکە کەسانی وامان نییە لەو زیاتر . بە دڵنیایشەوە دەڵێم ئەگەر کارێکی وا بێتە پێشەوە من ئامادەم یەکەم کەس بچمەوە کوردستان و لە بن دەستی کاک فازڵ جاف وەک قوتابی و ئەکتەر کار بکەم .

***لەبەرچی شانۆی کوردی لە کوردستاندا هەتا ئەمڕۆکە لە قەیران دایە ، ئایا ململانێی شانۆکارانە یان بێ توانایی هەندێک لەم شانۆکارانەیە ، بە بڕوای تۆ قەیرانەکە بۆ چ هۆیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە ...؟**

**تەلار :** یەکەمین ململانێ هەیە ، بەڵام ئەوش دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی شانۆ ، چونکە خەڵکانی زیرەک لە بواری شانۆدا زۆر کەمە . دەتوانین لەم ڕووەوە بڵێین شانۆکارانی هەڵبژاردە و زیرەک لە نێو کورد دا بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت . پێموایە هەم ململانێ و هەم قەیرانی شانۆ وایان لە بزاوتی شانۆی کوردی کردووە لە جێگای خۆیدا چەقببەستێت. هەر بۆیە لەم ڕووەوە هیچ گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە پێشکەچوونی ئەمڕۆی شانۆی کوردی لە کوردستاندا بەدی ناکرێت ، زانا و لێزانێکی شانۆی دەوێت کە تەکانێک بەم قەیران بدات و گۆمی مەنگی شانۆ بە هەژێنێت و پەیامی راستەقینەی خۆی بگەیێنێتە مرۆڤایەتی و لەم ڕێگایەوە تێبکۆشێ بۆ بەرز ڕاگرتن و سەرکەوتنی کولتووری نەتەوایەتی کوردی لەم قۆناخە هەستیار و پڕ لەو گێرمە و کێشەیەی لە ڕێگای دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد دا لە ئارادایە. بێگومان لەم قۆناخەشدا گەرەکە شانۆی کوردی بە شێوەیەکی ئازاد و هوشیاری نەتەوەییەوە بێتە مەیدان و ڕۆڵی دیاری خۆی ببینێت .

**مەریوان :** دروست کردنی شانۆی نەتەوەیی پەیوەندییەکی زۆر زۆر گەورەی هەیە بە جیا کردنەوەی دامودەزگای مەدەنییەکان لە دامودەزگا سیاسیەکان. ئەگەر تۆ نەتوانیت
دامودەزگای مەدەنی دروست بکەیت ، ئەو کاتە کۆمەڵێک بەربەستت دێتە ڕێگا ، تۆ ناتوانێت بە شێوەیەکی ئازاد کار بکەیت . ناتوانیت ماف بدەیت بە بوارە جیا جیاکانی نێو کۆمەڵگەی مەدەنی بە تایبەتی لە بواری هونەر دا. ئەو کاتە دامودەزگای مەدەنی جیاکرایەوە لە دامودەزگای سیاسی ، بێگومان ئەو کاتە تیپی شانۆی نەتەوەیی بە ئاسانی دروست دەبێت. مەسەلەی قەیرانەکەش دەگەڕێتەوە بۆ هەمان مەبەست ، ئەگەر تۆ وەک دامودەزگایەکی مەدەنی بوونت نەبێت ، هەڵبەتە ناتوانیت ڕێگا خۆش بکەیت بۆ شانۆکاران لەم بوارە دا کار بکەن . تۆ ئەگەر نەتوانیت ئەو ڕێگایە خۆش بکەیت ، قەیران دروست دەبێت ، ئەو کاتە ململانێش سەرهەڵدەدات.

**عادل :** من پێموایە دامەزراندنی شانۆی نەتەوەیی پابەندە بە سەقامگیری سیاسییەوە ، ئەگەر ئێمە سەیری ئەو کۆمەڵگە پێشکەوتووانەی جیهان بکەین ، شانۆ بووە بە بوونێک لە هەموو بوارێکی ژیاندا خۆی ئەنوێنێ ، واتە کە خەڵک ئەچێت شانۆیەک ئەبینێت ، هەر چەندە هەندێک تیپی شانۆ لە ئەوروپا هەن ، بینەرانی تایبەتی خۆی هەیە دەچن بۆ بینینی ئەو جۆرە نمایشە شانۆییانە تەنیا بۆ کات بەسەر بردن . بەڵام ئەگەر بێت ئێمە باسی ئەو قۆناخە بکەین کە کۆمەڵگەی خۆمان پیادا ئەڕوات ، بەڵێ بێگومان کارێکی زۆری ئەوێت ، ئەو کارانەش ئەبێ خەڵکانێک دەستی پێوە بگرن کە ئەبێ لەم بوارەدا پسپۆڕ و لێزان بن، وەک ماموستایەک کار بۆ دروست کردنی ئەکتەر بکات ، هەروەها لەڕووی ئیدارییەوەش زۆر گرنگە ئەبێ کەسانێک کاری تیا بکەن پسپۆڕ بن لە بواری بەڕێوەبردنی دامودەزگایەکی لەم بابەتە و ئەبێ بزانن بە چ شێوەیەک ئەم دەزگا نەتەوەییە بەڕێوەدەبرێت.

**مەریوان :** هەروەکو پێشتر « کاک عادل » یش باسی کرد ، ئەگەر بتەوێت شانۆیێکی نەتەوەیی دامەزرێنی ، واتە تۆ دەزگایێکی مەدەنی دادەمەزرێنی ، دروست بوونی دەزگایێکی مەدەنی وەکو شانۆی نەتەوەیی ، ئەکرێ بە دوو بەشەوە ، بەشی یەکەم هونەرییە ، بەشی دووەم بەشی ئیدارییە . هەڵبەتە بەشە ئیدارییەکە زۆر گرنگ ئەبێ ، چونکە تۆ ئەو کەسانەی لە بەشە ئیدارییەکەی دایان ئەنێی ئەبێ زۆر پسپۆڕ بن لەم بوارەدا. ئەبێ بزانن چ کارێک هەڵدەبژێرن ، چ کارێک ئەنجام ئەدەن بۆ ئەم میللەتە ، چ کارێک پێویستە بۆ بینەرانی شانۆ و چ کارێک پێویستە بۆ ئەو قۆناخەی تیا ئەژی ، تۆ بەم شێوەیە ئەتوانی شانۆیێکی نەتەوەیی دامەزرێنی . ئینجا دیسانەوە لە بارەی هونەرییەوە کەسانێکی پسپۆرت هەبێ و ئەکادیمی بن لە شانۆدا.

*** هەتا چ ڕادەیەک میدیا و ڕۆژنامەنووسانی کورد ڕۆڵی خۆیان لە پێشڤەچوونی بزاوتی شانۆی کوردی دا بینیوە . هەروەها ئەگەر باس لە ئەوروپا بە گشتی سوید بە تایبەتی بکەین میدیای کوردی لێرە چ سایتی ئینتەرنێت و چ ڕادیۆ کوردییەکانی ستۆکهۆلم لەلایەکەوە و هەروا کەناڵە تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکانی کوردستان چەندە ڕۆڵیان هەبوو بۆ پروپاگەندە کردن بۆ شانۆنامەی « مەرگ و کچ » کە دوا بەرهەمی تیپی ئارارات بوو لە سوید . بەبڕوای ئێوە ئەو میدیایەی کە باسی لێوە دەکەین ، چەندە کاریگەری خۆی نواند بۆ کۆکردنەوەی بینەرانی هەڵبژاردە بۆ بینینی ئەم شانۆنامەیە ..؟**

**تەلار :** بێگومان زۆر زۆر ، بە راستی خەڵکانێکی رۆشنبیر و هونەرمەند و رۆژنامەنووسان و ئارەزوومەندانی شانۆی لە چوار دەوری خۆی کۆکردەوە. هەڵبەتە میدیا بە شێوەیەکی گشتی رۆڵی کاریگەر دەگێری ... هەندێکیان بە پۆزەتیڤیش لەسەر شانۆنامەکەیان لە سایتی ئینتەرنێت بە تایبەتی سایتەکانی « کوردستانپۆست و کوردستاننێت و دیمانە و کۆنتراکت » نووسی و هەروا با لەبیریشمان نەچێت کاک ناسر سینا لە رادیۆی زایەڵە کە رادیۆیەکی سەرییە لە تەواوی سوید پرۆگرامی دەربارە کرد هەر هەموو ئەو بەرێزانەی لەسەریشیان نووسی جێگای سوپاسن . بێگومان وا هەست دەکەم تەئسیری زۆری هەبووە.

*** دوای نمایشی ئەم شانۆنامەیە لێرە و لەوێ گوێبیستی ئەوە دەبین کە نیازوایە تیپی شانۆی ئارارات لە سوید ئەم بەرهەمەی خۆی بباتەوە بۆ کوردستان ، هەتا ئێستاکە چی کراوە بۆ بردنەوەی ئەم بەرهەمە بۆ ئەوەی لە کوردستاندا نمایش بکرێت ..؟**

**تەلار :** دیارە نیشتی تێدا دەکرێ ، بە نیازی ئەوەین رۆژێک لە رۆژان ئەم بەرهەمە ببرێتەوە بۆ کوردستان ، چونکە بە راستی ئەم شانۆگەرییە بۆ رەوشی ئەمرۆی کوردستان دوای روخانی دکتاتۆریەت لە عیراقدا زۆر پێویستە خەڵکی ئەوێ ببینێن ، بە تایبەتی ژنانمان ، چونکە زۆر ژنمان هەن ئەو جۆرە کارەساتەیان بەسەر هاتووە هەروەک لە نێوەرۆکی شانۆنامەکەدا بە ڕوونی و ئاشکرایی درکی پێدەکرێت .

***ئەی ئومێدتان بۆ دوا ڕۆژ وەک ژنە ئەکتەرێک لەگەڵ تیپی شانۆی ئارارات دا چییە ، پێتانوایە هەر بەردەوام دەبن یان نا ...؟**

**تەلار :** وەکو ئەوەی بە خۆم بیری لێدەکەمەوە ، بەڵێ بە دڵنیاییەوە دەڵێم تاوەکو تیپی شانۆی ئارارات و کاک فازڵ و ئەندامەکانی هەبن ، ئەمنیش یەکێکم لەوان و قەتیش بەریان نادەم « بەیێکەنینەوە » ئەگەر ئەوان بە خۆیان پشتگوێم بخەن ، ئەگەرنا هەر لەگەڵیاندا بەردەوام دەبم.

*** کاک عادل با ئەم پرسیارە دوبارە ئاراستەی جەنابتانیش بکەم ، بەڵام ئەمجارەیان بە**

**شێوەیەکی دیکە دەیخەمە ڕوو ، ڕۆڵی میدیای کوردی چەند کاریگەری خۆی بە جێ دەهێڵێ بۆ ئەوەی بینەران بۆ شانۆگەری ڕابکێشێ .. هەروەک دەزانرێت بۆ ئەم بەرهەمە پروپاگەندە و ڕیکلامێکی زۆری بۆ کرا ، چ لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی لە کوردستان چ لە سایتی ئینتەرنێت و ڕادیۆکانی ستۆکهۆلم ، ئەوە چەند کاریگەری هەبوو بۆ ئەوەی بینەرانێکی هەڵبژاردە بێن بۆ بینینی ئەم شانۆنامەیە ..؟**

**عادل :** بێگومان ڕۆڵی میدیا ڕۆڵێکی زۆر زۆر سەرەکییە لە نمایش کردنی شانۆ دا. ئەوەی سەرنجی ئێمەی ڕاکێشە بۆ ئەم شانۆگەرییە وەکو پروپاگەندە و ریکلام ، کارێکی ئێجگار باشی بۆ کرا. ئەو کاتانەی ئێمە ‹ ٢٢ › ساڵ لەمەوبەر لە سوید دەستمان بە کاری شانۆ کرد بەم شێوەییەی ئەمڕۆکە کاری میدیای کوردی بەرتوەنەدەچوو ، هەتا ریکلامی شانۆگەرییەکانیش هەر خۆمان جێ بە جێ مان ئەکرد . ئەویش کۆمەڵێک خەڵک ئەیانزانی و خەڵکێکی زۆریش لێی بێ بەش ئەبوون. ئەمڕۆ بە هەر حاڵ میدیا ڕۆڵی بەرچاوی خۆی ئەبینێ . ئێمە وەک ئەندامانی تیپی شانۆی ئارارات سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ میدیای کوردی بە تایبەتی ئەوانەی هاوکارمان بوون ، دوپات ئەکەینەوە.

**مەریوان :** من ئەخوازم هەندێک ئیزافات دەربارەی بردنەوەی ئەم شانۆنامەیە بۆ کوردستان و لەوێ نمایش بکرێت بخەمە ڕوو . لە ڕاستی دا نیعجە هەوڵێک بۆ بردنەوەی ئەم شانۆنامەیە بۆ کوردستان لەوێ نمایش بکرێت لە ئارادایە، ئەمەیشیان هەتا ئێستا زێدەتر قسەیە و هیچ شتێک بە فەرمی ‹ ڕەسمی › پێمان ئەگەیشتووە ، تەنیا هەر قسەیەک لەم ڕووەوە کراوە. هیوادارم ئەگەر بخوازن ئەم بەرهەمەمان بچێتەوە بۆ کوردستان زۆر پێمان خۆش ئەبێ کە بەزووترین کات لەم ڕووەوە بە شێوەیەکی فەرمی ئاگادار بکرێینەوە ، ئێمەش لەم ڕووەوە ئامادەین. لەڕاستیدا ئەم بەرهەمە زۆر پێویستە کە لە کوردستاندا نمایش بکرێت.

من پێموایە شانۆ میکرۆسکۆپێکە گرفتەکانی کۆمەڵ ئەگەر هەر چەند بچوکیش خۆ بنوێنن ئەو گەورەیان ئەکاتەوە و جارێکی دیکە بە گەورەیی نمایشیان ئەکات . بەڵام بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی و هونەری نیشانی میللەتەکەی خۆی ئەداتەوە ، بۆ ئەوەی لە هەموو شتە شاراوە و ئەهێنییەکانی ئەو جۆرە گرفتانە تێبگەن .

*** لە دواهی ئەم مێزگردە هونەرییەماندا لەگەڵی ئێوەی بەڕێز ، دەمی دوا پرسیارمان ئاراستەی شادەخان دەکەین و دەڵێین دەگوترێت لە پرۆژەی داهاتوی تیپی شانۆی ئارارات لە سوید ئاگادارمان بکەنەوە ، ئایا پرۆژەی داهاتووتان یان بەرهەمی تازەتان بە دەستەوەیە یان نا ..؟**

**شادە :** جارێ بۆ ئەم بەرهەمەی ئێستاکە لەبەر دەستمان دایە ، نیازمان وایە بێجگە لە شاری ستۆکهۆلم لە چەند شارێکی دیکەی سوید وەک ‹ یۆتۆبۆری ، ئۆپسالا ، ڤیستەرۆس › چەند شارێکی دیکە ئەگەر ڕێکبکەوێت نمایشی بکەین . هەروەها ئەگەر لەداهاتوویەکی نزیکیشدا ڕێکبکەوێت بیبەینەوە بۆ کوردستانیش کە بۆ ئەوێش ئێجگار پێویستە نیشان بدرێت و خەڵکی کوردستانیش لێی بێبەش ئەبن . هەڵبەتە بەرهەمی تازە ، یان باشتروایە بڵێم پرۆژەی تازەمان بە دەستەوەیە بۆ گەنجانی کورد لە ستۆکهۆلم ، کە نیازوایە لە هەفتەکانی داهاتوودا دەست بەکار بین .

*** بە ڕاستی ماندووتان کردن ، زۆر سوپاس بۆ هەر هەمووتان .**
**هەموو پێکەوە : زۆر سوپاس بۆ ئێوە.**

**تێبینی : ئەم مێزگردە ڕۆژنامەوانییە لەگۆڤاری ڕامانی ژمارە ‹٨٨›ی مانگی ئەیلولی ‹٢٠٠٤ ›دا لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە بەباشمزانی لە سایتی ئینتەرنێتیش بڵاوبیکەمەوە ، بۆ ئەوەی خوێنەران و شانۆکار و ئارەزوومەندانی ئەم بوارە لە خوێندنەوەی لە ڕێگای سایتە کوردییەکانەوە لێی بێبەش نەبن.**